



# شیعریش گوناحە

ئازاد عەبدولواحید



* ئەو ستەمەی ئەمڕۆ لەلایەن خۆ بە شاعیرزانەکانەوە بەرانبەر بە شیعری کوردی دەکرێ، سەرما بە هەتیو، با بە دەواری شڕی نەکردووە، بە داخەوە ئەم ستەمە لە هەموو قۆناغ و سەردەمەکاندا هەبووە و ئێستاش بەردەوامە، دەمی هەر یەکێک لەو خۆ بە شاعیرزانانە دەکەیتەوە، پێی وایە شاکاری نووسیوە و دەنووسێ و کەس تۆزی ئەو ناشکێنێ. دڵم بەوە خۆشە ئەگەر ڕەخنەی بوێریش لە گۆڕێدا نەبێ بڵێ (پاشامان ڕووتە)، کە ئەو خۆ بە شاعیرزانانە بخاتەوە ناو قاوغ و قەپێلک و قەبارەی خۆیانەوە، بەڵام دڵنیام ڕۆژگاری داهاتوو، لە بێژینگیان دەدا و سەرکۆزەر و باشەکانیان دەهێڵێتەوە و ئەوانی دی، با ژمارەشیان زۆر بێ و زۆریش بە خۆیان سەرسام بن، ئاودیوی دنیای لە بیرچوونەوە دەکرێن، ئەو یاسایە بۆ خۆی باشترین درۆینەی داسی ڕەخنەیە، کە لە هەموو چەرخ و زەمانێکدا لەکاردابووە و بەردەوامیش کاری خۆی دەکا.

* من لەم گۆشە و ڕووبەرە بەرتەسکەدا دەمەوێ ڕاگوزار بەسەر هەندێ دیاردەدا تێپەڕم، بۆیە بە خێرایی ئاماژەیان بۆ دەکەم، هەرچەندە دەزانم پێویستیان بە لەسەر وەستانی زۆر زیاتر و قووڵترە. ئێمە زۆرمان هەن کەوتوونەتە ناو واهیمەی شاعیربوونەوە، ئەوانە پێیان وایە ئەوەی ئەوان دەینووسن، هەر تەنیا ئەوە شیعرە، بەو شیعرانەی ئەوانیش کورد گەورە دەبێ و باڵا دەکا و ناوی دەچێتە ناو ناوان و دنیا دەستی بۆ بە سنگەوە دەگرێ. ئەو هەستە لەو کاتانەدا زیاتر دەبێ کە لە ئەورووپا دۆستێکیان بۆ پەیدا دەبێ و دێ بۆ ڕووپامایی و موجامەلەکردنی کاکی خۆ بە شاعیرزان، لەڕووی سۆز و هاوڕێیەتییەوە، شیعرێکی بۆ وەردەگێڕێتە سەر زمانەکەی خۆی، ئیدی ئەو شیعرەی کە لە ناوەندی ئەدەبیی کوردیدا ڕووی مەجلیس و بڵاوکردنەوەی نییە، لەلای شاعیری تایین دەبێتە شاکارێکی زۆر گەورە، ئەوجا وا دەزانێ شیعر نییە شان لە شانی بدات، بۆیە لەلای دەبێتە پەساپۆرتی پەڕینەوە بۆ چوونە ناو هەرێمەکانی شیعر و مۆری شیعربوون بە ناوچەوانییەوە دەنرێ، بگرە پێی وایە لەبەر ئەوەی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانێکی بیانی، ئیدی هەر کەسێک بە شیعرێکی ناوازەی نەزانێ، ئەوە کەسێکی بێسەوادە، نە لە شیعر تێدەگا و نە کەسێکە دەتوانێ چێژ لە شیعری پڕ داهێنانی ئەو وەربگرێ.

* هەمانە لەو خۆ بە شاعیرزانانە، لە هەموو ژیانیاندا تاکە یەک دێڕ شیعری جوانیان نەنووسیوە، جاران بۆ سەلماندنی شاعیرێتی خۆیان دەچوون یەخەی (شیعرە پۆستەر)، یان (پۆستەرە شیعر)یان دەگرت و دەنیشتنە سەری و لێکدا لێکدا بەو (فۆرمە) شیعریان دەنووسی، بەمەش دەیانویست لەو دەلاقەیەوە وەک شاعیر سەرمان لێ دەربێنن و سەرێکمان لێ خوار بکەنەوە و بڵێن ئەوەتا ئێمەش هەین و شیعری ئەمڕۆیی دەنووسین و دەتوانین زەفەر بە دوا فۆرم و تەکنیکی شیعر ببەین، ئێوەش دەبێ دەستمان بۆ بە گەردندا بدەن و ئەشەدومابیللامان بۆ بکەن، بەخواهیشتی خۆتان بێ، یان نا، دەبێ بە خورتی بە شیعری بزانن، دەنا ئێوە دواکەوتوون، لە شیعر نازانن و لە شاکارەکانی ئێمە تێناگەن، ئەوانە کە لە ئەزموونە گەورەکانی جیهانی شیعر ئاگادار نین و چێژیان لە هیچ شیعرێکی جوانی کوردی و بیانی وەرنەگرتووە و شیعرێکیان نەنووسیوە، تەنانەت بۆنوبەرامی شیعری لێ بێ، ئەمڕۆکەبەهەمان شێوە دێن و پەلاماری شیعری هایکۆیی دەدەن و خۆیانی پێدا شۆڕ دەکەنەوە، لە کاتێکدا ئەو فۆرمە شیعرییە گوشراوی ئەزموون و تاقیمانەیەکی شیعریی دوورودرێژە.